
ئاڵەکۆک
ویژە نامە ـ ماهنامە مهاباد
١٣٨٥ی هەتاوی(١٥)

ئاڵەکۆک



ئەسرین کەریمی (سەردەشت)


خاوەن ئیمتیاز و مودیر مەسئوول: ئەحمەد بەحری

دەستەی نووسەران: فەرەیدوون حەکیم زادە

ئەمین گەردیگلانی

بەدرەددین ساڵح

تەڕاحی ڕووبەرگ: شیوەن حەسەن پوور

تایپ و ڕازاندنەوە:

سروە بەحری

بەشی ماڵی: لوقمان ڕەهرەو



تلفکس: ٠٠٩٨_٤٤٢_٢٢٢١٤٣٥

مۆبایل: ٠٩١٤٤٤٢١٢٠٨

E. mail: alakoki_ mag @ yahoo.com

مهاباد- مجله ئاڵەکۆک صندوق پستی ۴۵۷



شماره حساب: بانک رفاه شعبه صلاح الدین جاری ۱۶۹۰۶۴



شێعر

شیلان گەیلانی

سڵاو سڵاو بەرخۆڵە
لەگەڵمان بە زیتۆڵە
هەستە هەستە گورج وگۆڵ
ئەی ژیکەڵەی توندوتۆڵ
بەرنامەی منداڵانە
سەیری کە بەو چاوانە
گۆرانی، کارتۆن، یاری
هێناومانە بە دیاری

ئەو وێنە جوانە ڕەنگ بکە





هەواڵنامەی کتێب



# چۆلەکە و زستان

یەحیا محەممەدی ـ مەهاباد
وەرگێڕ: سوغرا ڕەزگەیی




هەبوو نەبوو لە دارستانێک، گیانلەبەرانی زۆر جوان ژیانیان دەبردە سەر. لە نێو ئەو دارستانە جوانە چۆلەکەیەک دەژیا. شتی لەبیر دەچۆوە و بۆ ژیانی، گەڵاڵەیەکی ڕێکوپێکی نەبوو. نەیدەتوانی ئیشەکانی خۆی لە کاتی خۆی دا جێبەجێ بکا. بۆ وێنە بەیانیان درەنگ لە خەو هەڵدەستا و لە کاتی خۆی دا دانەوێڵەی کۆ نەدەکردەوە. بۆ وەرزی زستان ناعیلاج بوو کە لە وانی دیکە یارمەتی وەربگرێ.

وەرزی پاییز و زستان وردە وردە هات و گیانلەبەرەکان چوونە نێو هێلانە و کولانەی خۆیان و ژیانێکی خۆشیان بەو دانەوێڵەی کە پێشتر کۆیان کردبۆوە دەست پێکرد.

وەرزی پاییز تەواو بوو، پێنج شەش ڕۆژ لە وەرزی زستان ڕابوارد و چۆلەکە کەم هۆشەکە هەر وەکوو وەرزەکانی دیکە چاو لە دەستی گیانلەبەرەکانی دارستان بوو، بەڵام ئەوجار گیانلەبەرەکان دانەوێڵەیان نەدایە و هیچ یارمەتیکیان نەدا. چۆلەکە هێندەی نەمابوو لە برسیان بمرێ. گیانلەبەرەکان بەزەیی‌یان پێداهات و بۆ دوا جار دیسان یارمەتیان دا و گیانیان لە مردن ڕزگار کرد.

چۆلەکەکە تەمبێ بوو و تەمای گرت کە خواردنی پێویست بۆ خۆی کۆکاتەوە هەتا چاو لە دەستی گیانلەبەرەکانی دیکە نەبێ و هەروەها تەمای گرت گەڵاڵە و بەرنامەی ڕێکوپێک لە ژیانی دا ڕەچاو بکا تا سەرکەوتوو بێ.



لە ١ تا ٣٨ بڕۆ، بزانە چ وەدەر دەکەوێ؟



ساڵی دووەم، ژمارە ١٥ ، ١٣٨٥

هەواڵنامەی کتێب



# پێکاسۆی کوردی

سەلاح نیساری ـ بۆکان



بابە دەچیتە شاری؟
قەڵەم ڕەنگیم بۆ بێنە
گوڵ ئەکێشم قەشەنگتر
لە گوڵی هەرچی شوێنە
وێنەی مامۆستاکەمان
لە پۆل و قوتابخانە
وێنەی ئاسمان و هەتاو
دەرسی بەیانیمانە
مامر لەگەڵ مراوی
دارستان و ڕووباران
قەفی کۆلکەزێڕینە
لەسەر چیای بەهاران
ماشێن و شەمەندەفەر
فڕۆکەی بەرز و نەوی
زەریای شین و گەمیەکان
هەموو شتی سەر زەوی
ئەم شتانە بە گشتی
مامۆستا وتوویە پێم
خێرا دەیان کێشمەوە
دەنا بەتاڵ دەبێ لێم
چ خۆشە وێنە کێشان
لە گەورە، درشت و ورد
ڕۆژێ دێ منیش بابە
دەبم بە پیکاسۆی کورد

شەمەنەفەر: قەتار ـ ترێن






هەواڵنامەی کتێب



## کتێب

وەرگێڕ: ئیبراهیم ڕەحیمی ـ بۆکان

یــــارێکــی وەفـــادارم
زانـــام، خـــۆشــە وتـــارم
هەر چــەنــدە بـێ زمـانــم
دەدوێــم، لــەبــەر دڵانــم
مــن دەتــکەم ئـامــۆژگاری
بگــرە بــەرڕێـی ڕزگـاری
زانـــا و هـــونـــەروەرم
بـە کـــەڵک و بــێ زەرەرم
تکـات لێـــدەکـەم زێـــرە
لــە مــن ڕوو وەرمــەگێــڕە
زۆر بە بـاشـی بمخـوێـنـە
ڕامگـــرە و مـــەمدڕێـنـــە



## توڵە قەندی

سەیدقادر هیدایەتی ـ بۆکان

تـوڵە قەندی حەمەچکـۆڵ
تـووکن و نـــە ڕمونـۆڵـە
گوێچکەی هـەمیشە قـوتـە
کلـکـی وەکـوو ویـرگۆڵـە
پـشت و چـاوی قـاوەیـی
ژێـرزگـی سپـی وسـۆڵـە
دەڕوا وەکـــوو تـــەیارە
بـە دوو دەستـی چـکـۆڵـە
گورگ بـــەرگـەی نـاگـرێ
زۆر ئازا و تـونـدوتـۆڵـە
حەمەدە زۆری خۆش دەوێ
بـۆی دادەنـێ بـابـۆڵـە
ڕۆژێـک کـە لێـــرە نـابـێ
ئەو دەرک و بانـە چـۆڵـە



ساڵی دووەم، ژمارە ۱۵، ۱۳۸۵





# کچۆڵەی شەمچەفرۆش

نووسەر: هانس کریستیەن ئەندرسن
وەرگێڕ: کەریم ئیسماعیل‌نژاد ـ سەقز

.................. ـ چ دارێک! تەنانەت لە داری کریسمەسی پووڵدارەکانیش جوانتر و ڕازاوەترە!

کچۆڵەکە دەستی بۆ لای دارەکە برد. بەڵام لە هەمان کات دا شەمچەکە کوژاوە. داری کریسمەسیش لەبەر چاو ون بوو. تەنیا گڕی یەکێ لە مۆمەکان ماوە، کە ئەویش بەپەلە بۆ سەرەوە ڕۆیی و ئەوەندەی پێ نەچوو کە بوو بە ئەستێرەیەک و بە سنگی ئاسمانەوە چەسپی. دەتگوت داری کریسمەسیان لە ئاسمان نەقاشی کردبوو. کچۆڵەکە بە سەر سووڕمانەوە تماشای ئاسمانی دەکرد. چەندە جوانە!

کوتوپڕ دی کە ئەستێرەیەک لە ئاسمان جیا بۆوە کەوتە خوارێ. لەبەر خۆیەوە گوتی: "...ئەگەر وابێ ئەمشەو نەفەرێک دەمرێ!" ئەمە لە گەورەیەوە فێر ببوو. دایە گەورە کاتێک کە زیندوو بوو دەیگوت: "ئەگەر ئەستێرەیەک لە ئاسمانەوە بکەوێتە خوار ماناکەی ئەمەیە کە کەسێک دەمرێ و ڕۆحی بۆ لای خودا دەگەڕێتەوە".

کچۆڵەکە کەوتە بیری دایە گەورەی دلۆڤانی و ئارام گوتی: "دایە گەورە، دڵم زۆر تەنگ بووە بۆت!"

چوارەمین چیلکەشەمچەی هەڵکرد. ئەوکات لە نێوان گڕی ئاگرەکەدا، دایەگەورەی خاوەن بەزەیی دی. ئاخ... دایەگەورەی خۆشەویستم! و خۆی هاویشتە باوەشی دایەگەورەی.

دایە گەورە بە دلۆڤانیەوە ئەوی لە باوەش گرت و ماچی کرد. کچۆڵەکە ڕۆژە ڕەش و پڕ کوێرەوەرییەکانی ژیانی بۆ دایە گەورەی گێڕاوە، پاشان بە گریانەوە گوتی: "دایەگەورە گیان، لە لای من مەڕوا! کاتێک شەمچەکە بکوژێتەوە، تۆش وەک کوورە گەورەکە، قازە سوور کراوەکە و دارە کریسمسەکە لەبەر چاو ون دەبێ، مەگەر وا نیە؟"

لە هەمان کاتدا، گڕی شەمچەکە کوژاوە دەم و چاوی دایە گەورەش لە تاریکایەکەدا نوقم بووە کچۆڵەکە هاواری کرد: "نا..."

پاشان تەواوی چڵەشەمچەکانی لە قوتووەکە دەرهێنا لەبەر خۆیەوە گوتی: "تەواویان ئاور تێبەر دەدەم، لە وانەیە "بەم شێوە" بتوانم دایە گەورەم ڕاگرم" و نەهێڵم بڕوا. کچۆڵەکە دەستە چڵەشەمچەکانی بە دیواردا خشاند. ئاگر داگرسا و ئەم لاولای ڕووناک کرد. لە ڕووناکایی ئاگرەکەدا هەمیسان دەم و چاوی دایەگەورە پەیا بوو.

کچۆڵەکە هاواری کرد: "دایە گەورەی چاکم، دایە گەروەی خۆشەویستم بە تەنیا جێم مەهێڵە؟ دایەگەورە زەردەخەنەیەکی کرد: پاشان بە دلۆڤانیەوە کچۆڵەکەی لەباوەش گرت، لە ئاسمانی ڕەش دا، ڕێگایەکی ڕووناک و نوورانی کراوە. لەم ڕێگا ڕووناکەوە، کچۆڵە دایە گەورەی بۆ سەرە و بۆ سەرترەوە ڕۆشتن. دایەگەورە دەمانەوێ بۆ کوێ بڕۆین؟ بۆ بەهەشت دەڕۆین خۆشەویستەکەم! بەهەشت؟! بەهەشت چۆن جێگەیەکە؟





هەواڵنامەی کتێب



بەهەشت جێگایێکی گەرم و پڕ لە گوڵ و گوڵزارە؛ پڕە لە خواردەمەنی بەتام و خۆش، جگە لەوانەش! دایکیشت هەر لەوێیە. ئەوێستا چاوەڕوانی تۆیە. لەمەبەدوا، ئێمەش سێ نەفەری پێکەوە بەخۆشییەوە ژیان دەبەینە سەر. ئیتر کوێرەوەری و دژوارییەکانت تەواو بووە خۆشەویستەکەم!

دڵی چکۆلەی کچۆڵەکە پڕ بوو لە شادی و خۆشی. هەستی کرد کە زۆر بەختەوەرە ئەوکات بە ئارامی چاوەکانی لەسەریەک دانا. بەم شێوە، کچۆڵەکە بۆ لای خوا هەڵفڕی. ئەو بوو بە ئەستێرەیەک لە ئاسمانی شەودا.

شەو کۆتایی هات. خۆر دەرکەوت ئەو خەڵکەی هاتبوونە شەقام، کچۆڵەکەیان دی کە لەسەر زەوی کەوتووە و چاوەکانی قونجاوە هەڵاتن و دوکتۆریان خەبەردار کرد؛ بەڵام ئەندامی کچۆلە سارد سارد بوو. ئەو چەند کات ژمێر پێشتر، لەم دنیا ماڵ ئاوایی کرد بوو!!

ئەم لاو لای پڕ بوو لە چڵەشەمچەی سووتاو. دەستەیەک چڵەشەمچەی سووتاویش لە دەستەکانی دا دەبیندرا. نەفەرێک گوتی: "بێچارە، ئەم منداڵە ویستوویەتی بە ئاوری شەمچە، خۆی گەرم کاتەوە!"

خەڵک چاویان پڕ بوو لە فرمێسک. لەم ناوەدا دەنگی گریانی ژنێک بەرز بووە. کچۆلە هەژارەکەم! ئەگەر دوێشەو شەمچەیەکم لێت بکڕیایە، لەوانەیە ئەم کارەساتە "دڵتەزێنە" ڕووی نەدایە"

چەند کەسێک ئاخیان هەڵکێشا و چاوە خەمبارەکانی خۆیان لە زەوی بڕی ئەوانە کەسانێک بوون کە شەوی پێشوو کچۆڵەکەیان دیت بوو بەڵام یەک شەمچەیان لێ نەکڕیبوو.




خەڵک لەشی ساردی کچۆڵەکەیان بەرز کردەوە و بردیان بۆ کلیسا. هەموویان بۆ حەسانەوەی ڕۆحی ئەو پاڕانەوە و دۆعایان خوێند؛ بەڵام هیچکەس نەیدەزانی کە کچۆڵەکە لەنێو گڕی چڵە شەمچەکان دا چ شتێکی جوانی دیبوو بە چ شادیێکی گەورەوە بۆ ئاسمان هەڵفڕی بوو. ئیتر ئەو لە بەهەشتا بوو. لە لای دایکی و دایە گەورەی دا و ئەوان ساڵی نوێیان لە بەهەشت جێژن گرتبوو. ڕەنگە ئەگەر خەڵک چاک گوێیان شل کردایە، دەنگی پێکەنین و شادی کچۆڵەیان لە بەهەشتەوە دەبیست.







هەواڵنامەی کتێب




١ـ وەرزی پشوودانی قوتابیان

٢ـ بەرهەمی کاری هەنگ


٣ـ ڕۆژئاوا بە فارسی

٤ـ ناوەندی ئوستانی کوردستان

٥ـ لە دوای بارانی بەهاری کە تاو هەڵات...پێکدێ

نامە جوان و ڕازاوەکانی ئەو
ئازیزانەمان بە دەست گەیشت و
بەرەندەی ئەو ژمارەن:
محەممەدئەمین سەعیدی (هەژار) ـ بۆکان
ئارەزوو سادقی ـ بۆکان
کۆمار گوڵمحەممەدی ـ بۆکان
وڵامی کاتژمێرەکە: ٢٦ + ٢٦+ ٢٦

- وێڕای جوانترین سڵاو -
وڵامی پرسیاری کاتژمێرەکە




محەممەد ئەمین سەعیدی (هەژار)
١٢ ساڵان لە بۆکان







# مریشکی هێلکە زێڕین

نووسەر: شاگاهیراتا
وەرگێڕ: ئارام گەردیگلانی ـ بۆکان

هەبوو نەبوو، ژن و مێردێک بوون لە ماڵێکی چکۆلەدا دەژیان. ژیانێکی خۆش و ئارامیان هەبوو. زۆریش سەرودڵ خۆش بوون. خەمی ماڵی دنیایان نەبوو، چونکە مریشکێکیان بوو هێلکەی زێڕی دەکرد.

مریشکەکە هەر بە دوو سێ ڕۆژ جارێک هێلکەیەکی زێڕی دەکرد. پیاوەکەش بە شادی و خۆشی دەیبرد لە بازاڕ دەیفرۆشت و بە پووڵەکەی کەلوپەل و خواردەمەنی بۆ ماڵێ دەکڕی. بەو جۆرە ژیانیان تێپەڕ دەکرد و خەمی هیچیان نەبوو.

ڕۆژێک کابرا وەسەر تەماح کەوت و بیری کردەوە، بۆ ئەوەندە چاوەڕێ بێ هەتا مریشکەکە هێلکە دەکا. لە دڵی خۆی‌دا گوتی: "وا چاکە سەری ببڕم هەموو هێلکەزێڕەکان یەکجێ دەرهێنم و بیبەم بیفرۆشم" بانگی ژنەکەی کرد و گوتی: فکرێکی چاکم کردۆتەوە. ئەگەر ئەو مریشکە بگرین سەری ببڕین و زێڕەکانی نێوزگی دەرهێنین، دەتوانین ماڵێکی گەورە دروست کەین و جل و بەرگی جوان و ڕازاوە بکڕین و خۆراکی خۆش و بەتام بخۆین و دەوڵەمەند بین.



ژنەکە زۆری پێخۆش بوو و گوتی: هەر لێی ڕامەوەستە وەرە با بیگرین و سەری ببڕین.

پیاوەکە مریشکەی گرت و گوتی: هەر ئێستا هەموو ئەو هێلکەزێڕانەی نێوزگی دەردێنم. لەوە زیاتر چاوەڕێ نابم.

سەری بڕی و خێرا ورگی دڕی، کە زێڕەکان دەرهێنێ، بەڵام نێوزگی یەک دەنکیشی زێڕ تێدا نەبوو. تەماح وای لێکردن مریشکەکەیان لەدەست بچێ و لە هێلکە زێڕەکانی بێبەش بن و هەتا ئاخری تەمەنیان خەم بخۆن و بە فەقیر و هەژاری بژین.








هەواڵنامەی کتێب




## مانگە شەو

سەعدەدین خوسرەوی ـ بۆکان

حەلێ حەلێ، حەلێ حەلێ
منالەکان، قەرێ قەرێ
کەیفم سازە بە خازەلێ
مانگەشەوە وەرنە دەرێ
گوێ بگرن لە ئەستێرەکان
گۆرانی دەڵێن لە سەرێ
چەپڵە لێدەن با هەڵپەڕین
کات بە پەلە تێدەپەڕێ
شەو درەنگ بێ، دەڕۆمەوە
دەنا دایکم بۆم دەگەڕێ




## دوو کتێبی جوان بۆ منالانی جوان








# کۆلکەزێڕینە

ئەمین گەردیگلانی



کاتێ باران دەبارێ و
دەرک و بان دەشواتەوە
دارەکەی نێو حەوشەمان
تێرتێر ئاو دەخواتەوە


لە بن گەڵاکانیدا
چۆلەکە دەجریوێنێ
کاتێ خۆر لەبن هەورا
بەحاڵ سەری دەردێنێ

باران خۆش دەکاتەوە
گەڵا بریقەیان دێ
دێنەوەدەر بۆکایە
هەموو منداڵانی دێ

لەمبەر تا ئەوبەری دێ
کۆلکەزێڕینە دەکشێ
ڕەنگی زەرد و سەوز و سوور
بنەوش و شین دەدرەوشێ

تەیری تیژ باڵ و کۆتر
دەفڕن بە دەورو بەریا
باڵیان دەدەن لە ڕەنگ و
هەڵدەسووڕێن بە سەریا

خۆش بوو وەک ئەو مەلانە
منیش باڵم هەبوایە
بچوایەم لەو ڕەنگانە
پڕ کۆشێکم بێنایە



**جیاوازی نێوان ئەو دوو وێنەیە بدۆزەوە و لە پاشان ڕەنگی بکە**





هەواڵنامەی کتێب

## ڕێزی مامۆستا

ڕەنجبەر

ئێمڕۆ ڕۆژی گولانە
مامۆستامان میوانە
بۆ زانین پێشەوایە
فەرمانی زۆر ڕەوایە
قەدری لەسەر سەرانە
ناوی لە نێو دلمانە
دلسۆز و مێهرەبانە
ئەو شەم ئێمە پەروانە
چەمە و ڕووبار و دەریا
ئێمەش باخچەین بە دەوریا
هێمن، ئارام بە شادی
ئەیژێ دەرسی ئازادی
فێرمان ئەکا چۆن بژین
ڕۆشنایی بۆ ڕێگا بین
ئاشتی خواز و زانا بین
بۆ گشت خوشک و برا بین
سەربەرز بژی مامۆستا
سپاس هەر مالت ئاوا
هەتا، هەتا هەتایە
وانەت بۆمان دەوایە



## قەل و ڕێوی

وەرگێڕ: حوسێن بێهرەوان ـ بۆکان



قەل ڕووانی زۆر ورد، بە دەور و بەردا
بالی فش کرد بوو، بە هەر دوو بەردا
لەپڕدا دیتی سەلکە پەنیرێ
بە دەنووک گرتی و کەوتە سەر نیرێ
مام ڕێوی دیتی پاروەکەی دەمی
تەماحی تێکرد بە خاترجەمی
وتی زۆر جوانی مەلی نێو گولان
قیت و قۆز و ڕەشی کەوتیە بەردلان
قەلە بەلەکە، نێوێکی بەرزە
یا خوا بە دوور بێ لە بوومەلەرزە
بالی ڕەش و جوان شۆق دەداتەوە
ڕەنگ نیە دوای ڕەش ڕەنگ بداتەوە
دەنگە بەرزەکەت چیا بزوێنە
تۆ خوا جارێکیش بۆ من بخوێنە
دەبا قامی تۆش بێتە نێو دلم
کەیخودای وەک تۆش بێتە مەنزلم
لەسەر تاقی بەرز دیوەخانەکەم
قامێکیش بلێی بۆ خێزانەکەم
گەلێ نەخۆشم خەریکە دەمرم
پەندی باپیرم لە گوێچکە دەگرم
فەرمووی لەبۆ قەل، سەر بکە نەوی
لە هیچ هەلنانگوی، لەڕێ ناکەوی
چریکەی خۆشی قەلە سابوونی
پیاو ڕزگار دەکا لە چنگ نەبوونی
ئەجەل نزیکە بکێشێ گیانم
تۆ خوا بخوێنە، هەر تۆی دەرمانم
دلی نەرم بوو، قەلی بێچارە
کەوتە جوولەجوول، لە سەر ئەو دارە
دەمی کردەوە، سەری کرد نەوی
پارو چەورەکەی، کەوتە سەر زەوی
قەپی پێدا کرد، ڕێوی چەلەمە
پەنیرەکەی خوارد، بە گالتە و گەمە

*سەرچاوە: کتێبی پۆلی دووهەمی سەرەتایی

ساڵی دووەم، ژمارە ١٥ ، ١٣٨٥





هەواڵنامەی کتێب


موحسین عینایەتی
پۆلی پێنجەمی سەرەتایی
مەعدەل: 18.5 (بۆکان)


هەژار حەسەن زادە
5 ساڵە (بۆکان)


ئاکام رەمەزانی
پۆلی یەکەمی سەرەتایی
مەعدەل: 20 (بۆکان)


ئومید سادقی
پۆلی پێنجەمی سەرەتایی
مەعدەل: 19.54 (بۆکان)


هێمن کەردیگلانی
پۆلی یەکەمی سەرەتایی
مەعدەل: 19.61 (بۆکان)


ئارام کەردیگلانی
پۆلی یەکەمی ناوەندی
مەعدەل: 18.5 (بۆکان)


رزگار عەلیخا
پۆلی چوارەمی سەرەتایی
مەعدەل: 19.5 (بۆکان)


مێهران رەمەزانی
پۆلی چوارەمی سەرەتایی
مەعدەل: 18.5 (بۆکان)


هێمن گوڵی
پۆلی سێهەمی سەرەتایی
مەعدەل: 18.85 (بۆکان)


ئارەزوو سادقی
پۆلی یەکەمی سەرەتایی
مەعدەل: 19.95 (بۆکان)


ئەمین دەوڵەتی
پۆلی سێهەمی ناوەندی
مەعدەل: 19.72


فەرشاد عەبباسی
پۆلی سێهەمی ناوەندی


پەریسا بەربەر
پۆلی یەکەمی سەرەتایی
ئاوایی قەرەگوێز
مەعدەل: 20


موختار عەبدوڵڵازادە
پۆلی هەوەڵی ناوەندی
مەعدەل: 19.58


عەبدولقادر نەهاردە
پۆلی هەوەڵی ناوەندی


(هەژار) محەممەدئەمین سەعیدی
پۆلی پێنجەمی سەرەتایی
مەعدەل: 19.5


میدیا پێشرەو
پۆلی هەوەڵی سەرەتایی
مەعدەل: 19.94


سامان خزری
پۆلی هەوەڵی ناوەندی
مەعدەل: 19.51


مەزهەر عەبدوڵڵا زادە
پۆلی دووهەمی ناوەندی
مەعدەل: 19.85












الاهه عیسی زاده (سردشت)

